ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی كوردستان:

# ئاواتم ئەوەیە بتوانم جامی (ڤیڤا) لەگەڵ هەڵبژاردەی كوردستان بەدەستبهێنم



ئەرسەلان جەلال لە دایكبووی ساڵی ١٩٧٨ی شاری هەولێـــرە و یەكێك لە ڕاهێنەرە بەتواناكانی شـــاری سلێمانی و هەرێمی كوردستانە و ماوەیەكی زۆرە لە خزمەتی وەرزشـــی سلێمانی و دەوروبەری دەكات، وەكـــو ڕاهێنـــەر و یاریزانیش چەندیـــن ئەنجامی باشی بەدەستهێناوە، ئەمساڵیش وەكو ڕاهێنەری هەڵبـــژاردەی لاوانـــی بـــۆ یەكەمجار لە مێژووی كوردســـتان توانـــی نازناوی جامـــی نۆروای كوپ بۆ كوردســـتان لە نەرویج بەدەســـت بهێنێت. پێشتریش بۆ هەریەك لـــە یانەكانی برایەتی و ســـلێمانی و پێشمەرگەی سلێمانی و خەبات یاری كردوە، وەكو ڕاهێنەریش ئەركـــی هەریەك لە یانەكانی لاوانی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی و لاوانی یانەی ئازادی و هەڵەبجەی شەهید و یانـــەی شـــەهیدان و هەڵبژاردەی لاوانی ســـلێمانی و یانەی نەورۆز و هەڵبژاردەی لاوانی كوردســـتانی لە ئەستۆ بووە. ئێمەش لە نزیكەوە چەند پرسیارێكمان لەســـەر ڕەوشی وەرزشی لێكـــرد، ئەویـــش بەمشـــێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***چی ئێوەی کردە پاڵەوانی جامی نۆر وای کوپ؟**

- تەبایی و یەکڕێزی نێوان ستافی ڕاهێنەران و یاریزانەکان، لێك تێگەیشــتنی ئێمە وەکو ڕاهێنـــەر لەگەڵ یاریزانەکان و گوێ گرتنیان هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکان بوو.

*** تیپێك بە پێنـــج ڕۆژ کۆبکەیتەوە ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێ بۆ ئەوەی ئەنجامی شایســتە بەدەست بهێنێت، خاڵی بەهێزی کوڕانی کوردستان لەم پاڵەوانێتیە لە چیدا بوو؟**

- بێگومـــان هەر بـــەو کاتە کەمە توانیمـــان ئیرادەیەکی یەکجـــار بەهێز و ڕۆحیەتی کێبڕکێ لـــە نێو یاریزانەکانمان دروســـت بکەین، متمانەیەکی زۆریشمان بە یاریزانەکان دا، ئەمە وای کرد لە هیچ ڕووبەڕووبونەوەیەك ســـڵ نەکەنەوە، خاڵی بەهێزی کوڕانی کوردســـتان لەم پاڵەوانێتیە جێبەجێ کردنـــی فەرمانەکانی ئێمە بوو، درکیان بـــەوە کردبوو کە ئەرکێکی نیشتمانییە بۆ بەدەستهێنانی جامەکە ئامادەبوون بە ڕۆح خۆیان فیدا بکەن، تا دوا یاری کۆڵیان نەدا.

*** بەرنامەتان بۆ داهاتـــوو و بۆ بەردەوامبوونی ئەم تیپە چییە؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت، جارێك هیچ بەرنامەیەکمان نییە، خۆیشـــم دڵنیا نیم و نازانم ساڵێکی دیکە کێ ڕاهێنەرایەتی ئـــەو تیپە دەکات. دەبێت وەڵامەکـــەی لە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردســـتان وەربگرن. بە بۆچوونی من پێویستە هەڵبژاردەیەکـــی بەردەوام هەبێت لە کوردســـتان بۆ ئەوەی هەرکاتێ پاڵەوانێتیەك هەبوو، تیپەکە ئامادە بێت.

*** لەم ماوەیە کە لە نەرویج وەرزشتان کرد، چ جیاوازییەکی وەرزشیتان لە نێوان ئەوروپا و کوردستان بینی؟**


- جیاوازی زۆر هەیە، بەتایبەتی لە شێوازی پەروەردەکردن و بـــە ئەکادیمی کردنی وەرزش و یاریزان لە ئەوروپا لەگەڵ کوردســـتان، لای ئێمە بەربەست زۆرە، بۆیە پێشکەوتن زۆر بـــە کەمی دەڕوات، بەڵام لە ئەوروپا خێرا گەشـــە دەکات، بەربەســـت نییە، بەڵام ئەوەی ســـەرنجی منی ڕاکێشا لەم پاڵەوانێتیە ڕۆحیەتی وەرزشی و قبوڵکردنی ئەنجامی یاری زۆر لایان شـــتێکی گەورە بوو، بەڵام بەداخەوە لای خۆمان زۆر بچووکە.

*** گرفتی وەرزشی کوردستان لە چی ڕەنگدەداتەوە؟**

- گرفتی وەرزشی لە کوردستان زۆرە، هەر لە بەڕێوەبردن لەلایەن بەرپرسە وەرزشییەکان - هەموویان ناڵێم - تا دەگاتە ئیدارەی یانـــەکان، ئەمانە بوونەتە گرفتێك کە وەرزشـــی کوردستان خێرا گەشە نەکات.

*** پێت باشـــە چی بکرێت بۆ ئەوەی وەرزشی کوردستان بچێتە قۆناغێکی نوێوە؟**

- سەرەتا پێویستە دەستی حزب لە وەرزش دوور بخرێتەوە، هەموومان مەبەســـتم ئەو کەسانەی کە وەرزشوانن بەیەکەوە بە بێ جیاوازی دەســـت بخەینە ناو دەســـتی یەك و یەکتر قبوڵ بکەین، من زۆر گەشـــبینم بە ئاسانی بتوانین بچینە قۆناغێکی نوێ، چونکە لە وەرزش زۆر کەســـانی پسپۆڕ و کارامەمان هەیە، بەڵام تا ئێســـتا دەرفەتیان پێنەدراوە بۆ کارکردن لە ناو وەرزش.



*** هیچ گرێبەستت پێشـــکەش نەکرا لە وڵاتی نەرویج بۆ ڕاهێنەرایەتی؟**

- نەخێر هیچ شتێکی وا باس نەکراوە لەگەڵ من.

*** لەگەڵ یانەی نەورۆز بەنیازی چیت؟**

- لە ئێســـتا من خەونی زۆرم هەیە لەگەڵ یانەی نەورۆز، بەڵام بەربەست زۆرە و هیوام وایە ئەو بەربەستانە نەبنە ڕێگر بـــۆ ئەوەی بتوانم خەونەکانم بهێنمـــەدی. من بە نیازی زۆر شتم، ئەگەر خوای گەورە تەمەنی پێدابین.

***کۆمەڵێك گرێبەســـتت بـــۆ هاتبوو لەلایـــەن یانەکانی کوردستان، وەڵامت بۆ ئەوان چی بوو؟**

- وەکـــو ئەرکێکی ئەخلاقی تا دواقســـە لە یانەی نەورۆز وەرنەگرم لەســـەر چارەنووســـی خۆم ناتوانـــم وەڵامی هیچ یانەیەکـــی تر بدەمـــەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمـــوو یانەکانی کوردستان.

*** بەرنامەت بۆ خولی نایابی کوردستان چییە؟**

- حەز دەکەم ئەمســـاڵیش لە کێبڕکێ بین بۆ بەدەستهێنانی خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان، بـــەڵام ئەوە تەنیا بەمن ناکرێ دەبێت دەســـتەی کارگێڕیش پاڵپشـــتم بێت بۆ ئەوەی بتوانین کاری باشتر بکەین.

*** وەکو ڕاهێنەرێك هیواو ئاواتت چییە ؟**

-هەموو ڕاهێنەرێك هیوا و ئاواتی زۆرە، بەڵام هیوا و ئاواتی من ئەوەیە بتوانم جامی (ڤیڤا) لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەدەســـتبهێنم، بەشداری پاڵەوانێتییەك بکەم کە باوەڕپێکراوی فیفایە، ئـــەو کاتە خۆم وەکو وڵاتێك بە جیهان بناســـێنم لە ڕووی وەرزشەوە.

*** هێنانی یاریزان و ڕاهێنەری عەرەب تا چەند ســـوود بە وەرزشی کوردستان دەگەینێ؟**

- من تا ســـەر ئێســـقان دژی هێنانی ڕاهێنەر و یاریزانی عەرەبـــم، چونکە لە ڕابردوو زۆرمان بینی و هیچ ســـوودیان نەبوو، جگە لە خواردنی کۆمەڵێك پارە، ناڵێم کەســـی باشیان نییە، بەڵام ئێمە وەکو کورد بە شـــێوەیەکی گشتی سوودمان لێیان نەبینیوە.

*** ماوەیەکـــی زۆرە لە ســـلێمانیت بڕیاری ئـــەوەت نەداوە بگەڕێیتەوە ئەو شارەی کە لێی لە دایك بوویت کە هەولێرە؟**

- بەدڵنیاییەوە من هەولێرم لە بیر نەکردووە، ئێســـتاش کاتێ دەگەڕێمـــەوە بۆ هەولێر ســـەردانی ئەو شـــوێنانە دەکەم کە بەمنداڵی یاریم تێدا کردوون، بەتایبەتی قوتابخانەی پێشەوای بنەڕەتی لە گەڕەکی ئـــازادی زۆر دڵم خۆش دەکات، بەڵام تا ئێستا بە هۆی ئیش وکارم لە سلێمانی بڕیاری گەڕانەوەم نەداوە، دەبێت ئەوەش بڵێم سلێمانی لای من زۆر خۆشەویستە و کە چەند ڕۆژێك لێی دوور بم بیری دەکەم .

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- ســـوپاس بۆ گۆڤـــاری گوڵان بـــۆ بەســـەرکردنەوەی وەرزشکارانی کوردستان بەبێ جیاوازی، بەهیوای ئەوەم زیاتر خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەین.

# ئەگوێرۆ: مانچستەر سیتی ململانێ لە سەر هەموو نازناوەکان دەکات



ئەستێرەی یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی سێرگیۆ ئەگوێرۆ دووپاتی کردەوە ئامانجی تیپەکەیان ململانێیە لە سەر بردنەوەی سەرجەم نازناوەکان. ئەگوێرۆ دەڵێت: «لە وەرزی رابردوو رکابەری بەهێزمان کرد و هیوادەخوازین لەسەر هەمان رێچکە بەردەوام بین و مانچستەر ستی کۆشش بکات بۆ بەدیهێنانی سەرجەم نازناوەکان.» لە بەشێکی قسەکانیدا کە ماڵپەڕی فەرمی یانەکە بڵاویکردۆتەوە، ئەو هێرشبەرەی یانەی مانچستەر ستی وتی: «من خۆشحاڵم کە لە وەرزی رابردوو بە گۆڵکار دەرچووم و توانیم لەگەڵ تیپەکەم ٣٢ گۆڵ تۆمار بکەم، بەڵام ئامانجی من هەوڵ و کۆششە بۆ نازناوەکان و بەردەوامبوون لە پێشکەوتن و خۆشحاڵیشم بە تۆمارکردنی گۆڵەکانم کە یارمەتیدەر بوون بۆ سەرکەوتنی مانچستەر ستی.» سەبارەت بە هاتنی یاریزان رەحیم ستیرلینگ بۆ ریزەکانی مانچستەر ئەگوێرۆ وتی: «ئەو یاریزانێکی بەتوانا و گەورە و خێرایە، ئەوەش یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ تیپەکە و یارمەتیدەرێکی باشی منیش دەبێت لە هێڵی هێرشبردن.»



# ریال مەدرید
# لۆکاس سیلڤا بە خواستن دەداتە یانەیەکی دیکە



یاریزانی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید لۆکاس سیلڤا دووچاری بێ هیوایی بووە لە دۆزینەوەی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیی تیپەکە لەگەڵ راهێنەری نوێی یانەکە رافاییل بینیتیز، هەروەك چۆن لەوەرزی رابردوو لەگەڵ راهێنەر کارلۆ ئەنچلۆتی راهێنەر روویدا. لەمبارەیەوە پێگەی دیڤنسا سەنتراڵی سەر بە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو یاریزانە لە پلەی پێنجەم دێت لە پلانی راهێنەر بینیتیز دوای هەریەك لە تۆنی کرۆس و مۆدریچ و کاسمیرۆ و ئایرا مەندی. هەروەها پێگەی دیڤنسا سەنتراڵ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە یانەی ریال لە ئێستادا لە هەوڵی تاوتوێکردنی پرسی پێدانی ئەو یاریزانەیە بە شێوەی خواستن بە یانەیەکی دیکە لەم وەرزەدا، بۆیە دەستنیشانکردنی ئەو یانەیە دەمێنێتەوە سەر ئەو یاریزانە، دوای ئەوەی بۆندی زۆری پێشکەش دەکرێت. بەپێی راپۆرتە سەرەتاییەکان وا دەردەکەوێت ئەو یاریزانە روو لە یانەی پۆرتۆی پورتوگالی بکات، بڕیاری کۆتاییش لە دەستی راهێنەر رافاییل بینیتیزە کە بڕیاری مانەوەی ئەو یاریزانە دەدات، یاخود بڕیاری رۆیشتنی دەدات بۆ یانەیەکی دیکە.

## مۆندیالی مەلەوانی کۆتایی هات

# چین زۆرترین میدالیای بەدەست هێنا

لە شاری کازان لە وڵاتی رووسیا پێشبڕکێیەکانی جامی جیهانـــی مەلەوانی کۆتایی هات کــە ماوەی ١٦ رۆژی خایاند. مۆندیالی مەلەوانی بریتی بوون لە پێشبڕکێیەکانی مەلەوانـــی و مەلەوانی ناو دەریـــا و خۆ فڕێدانە ناو ئاو و سەمای ناو ئاو و پۆلۆی ئاو .

لەم مۆندیالە چەندین ژمارەی پێوانەیی تۆمارکران و هەروەك پێشبینی دەکرا، ململانێ لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەمریکا و چین بێت کە لە کۆتاییدا چینییەکان توانییان پلەی یەکەم لە ریزبەندی هەڵبژاردە بەشداربووەکان مسۆگەر بکەن.

ئەمەش خشتەر ریزبەندی کۆتایی هەڵبژاردەکانە:

| ر | هەڵبژاردەکان | زێڕ | زیو | برۆنز | ك. گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چین | ١٥ | ١٠ | ١٠ | ٣٥ |
| ٢ | ئەمریکا | ١٣ | ١٤ | ٦ | ٣٣ |
| ٣ | روسیا | ٩ | ٤ | ٤ | ١٧ |
| ٤ | ئوسترالیا | ٧ | ٣ | ٨ | ١٨ |
| ٥ | بەریتانیا | ٧ | ١ | ٦ | ١٤ |
| ٦ | فەرەنسا | ٥ | ١ | ١ | ٧ |
| ٧ | ئیتالیا | ٣ | ٣ | ٨ | ١٤ |
| ٨ | هەنگاریا | ٣ | ٣ | ٤ | ١٠ |
| ٩ | ژاپۆن | ٣ | ١ | ٤ | ٨ |
| ١٠ | سوید | ٣ | ٢ | ١ | ٦ |





# زێرەڤانی متمانەی بە ڕاهێنەرانی بەخشییەوە

لەگەڵ ئەوەی وەرزی رابردوو یانەی وەرزشـــی زێرەڤانی بە رابەرایەتی سلێمان رەمەزان -ی راهێنەری یانەکەی بە شایستەیی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی بەدەستهێنا بۆ سێ یەم وەرز لەسەر یەك، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی زێرەڤانی بە ئامانجی درێژەدان بە ئەنجامە باشـــەکانی لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان کە تاکو ئێستا بەهۆی گرفتی دارایی وادەی دەســـتپێکردنەوەی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردســـتان دیاری نەکـــراوە، بەڵام بۆ ئەم وەرزەش کارگێڕانی یانەی وەرزشـــی زێرەڤانی چاویان لەوەیە بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، دەستەی کارگێڕی یانەی زێرەڤانی دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ستافی راهێنەرانی یانەکەی بۆ وەرزێکی دیکەش گرێبســـەتی لەگەڵ ســـتافی راهێنەرانی یانەکەی کە پێکهاتبوو لە هەریەك (سلێمان رەمەزان، غەزوان محەمـــەد، مەعن ئیبراهیم) نوێ کردەوە، لە بارەی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەشـــی ســـلێمان رەمەزان راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشـــی زێرەڤانی بۆ گوڵان گوتی: «ئێمە زۆر خۆشـــحاڵین کە بۆ وەرزی نوێ گرێبەســـتمان لەگەڵ یانەی زێرەڤانی نوێ کردۆتەوە، کە ئێمە سێ وەرزی سەرکەوتوومان لەگەڵ ئەو یانەیە بەڕێکردوە، ئامانجی زیاتریشـــمان هەیە لەگەڵ زێرەڤانی، بۆ ئەمساڵیش هەوڵدەدەین پێکهاتەیەکی تۆکمە دروســـت بکەین و بچینە نێو کەش و هەوای وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان، لەم هەفتەیەش یانەکەمان کراوەیە بۆ هەر کەســـێك بیەوێت ببێتە یاریزانی یانەی زێرەڤانی هەوڵدەدەین یاریزانانی تازە کۆبکەینەوە بۆ تیپی یەکەمی یانەکەمان پشت بە یاریزانانی بەتوانای عێراق و پیشەگەریش دەبەستین بۆ وەرزی نوێ خولی کوردستان، سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەی زێرەڤانیش دەکەین، کە ئەوان بەردەوام هاوکاری یاریزانان و دەســـتەی راهێنەرانی تیپەکە بوون بۆ ئەوەی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین.»

# پێشمەرگەی سلێمانی هیـــــــــ



دوای ئـــەوەی وەرزی رابـــردوو یانەکانی کوردســـتان دوچاری قەیرانێکی سەختی ئابووری بوون، بەم هۆیەشەوە چەندین یانەی بەشدار لە خولەکانی کوردستان تیپەکانیان هەڵوەشـــاندەوە، بگـــرە بەشـــداری هیـــچ چالاکییەکی وەرزشییان نەکرد لە وەرزی رابردوو، ئەم وەرزەش چەندین یانە بەڵێنی داخســـتنی دەرگای یانەکانیان داوە، ئەگەر هاوکاری نەکرێن، بەڵام یانەی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی پێچەوانەی ســـەرجەم یانەکان بەڵێنی بەردەوامی سەرجەم تیپە جۆراوجۆرەکانی یانەکەی داوە، بە پێی توانای دارایی یانەکە، ساڵانەش کچان و کوڕانی پێشمەرگەی سلێمانی بەشداری چەندین خولی جۆراوجۆر دەکەن لەسەر ئاستی کوردســـتان و عێراق، بۆیە کارگێڕانـــی یانەکە بڕیاری بەردەوامبوونـــی داوە، لە بارەی درێـــژەدان بە چالاکییە وەرزشـــیەکانیش میران محەمەد بەرپرســـی راگەیاندنی یانەی وەرزشـــی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەســـتەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگە وەکو هەموو ســـاڵێك کۆبوونەوەی خـــۆی ئەنجامدا و بە




# پاڵەوانێتی باسکەی نایابی کچان لە سلێمانی بەڕێوەی دەچێت

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە تیپی تۆپی باسکەی کچانی یانەکانی عێراق و بەرەو پێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی عێراقی بڕیاری دا بە دەستنیشانکردنی شاری سلێمانی بۆ لە باوەش گرتنی پاڵەوانێتی باسکەی نایابی کچانی یانەکانی عێراق، بڕیاریشە لەم پاڵەوانێتیەدا هەشت یانەی شارەکانی عێراق و کوردستان بەشداری کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێ خولی باسکەی نایابی یانەکانی عێراق بکەن لە ئاستی ئافرەتان. خالد نەجم سکرتێری یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی عێراق لەو بارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان و بەمەبەستی زیاتر گرینگدان بە تیپی باسکەی کچان لە شارەکانی کوردستان و عێراق ئەم پاڵەوانێتیە لە ٢٥ی ئەم مانگە لە شاری سلێمانی ئەنجام دەدەین، هەشت یانە بۆ ماوەی چوار رۆژ لە کێبڕکێ دەبن بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە،» گوتیشی: هێنانی ئەم پاڵەوانێتیە بۆ هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوە بووە کە لە کۆی بەشداربوونی هەشت یانە لە خولی باسکەی عێراقی حەفت یانە لە هەرێمی کوردستانە، بۆیە پێمان باش بوو ئەم پاڵەوانێتییە لە شاری سلێمانی بێت، یارییەکانیش بە شێوەی کۆمەڵە بەڕێوەدەچێت، ئامادەکاری باش کراوە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی باش یارییەکان بەڕێوە ببەین، یانە بەشداربووەکانیش بریتین لە هەریەك لە یانەکانی (ئەفرۆدێت، سلێمانی، سیروانی نوێ، ئافرەتانی هەولێر، ئەکاد، قەرەقوش، سەنحاریب، بەحری).





## ...چ تیپێک هەڵناوەشێنێتەوە

راوێژکاری بە سەرجەم کارگێڕانی یانەکە، بڕیاری ئەوەمان داوە کە ئەمساڵیش بەشداری سەرجەم چالاکییە وەرزشییەکان بکەین، هیچ تیپێك هەڵناوەشێنەوە لە یانەی وەرزشی پێشمەرگە، یانەکەش بەپێی توانای دارایی خۆی هاوکاری تیپە جۆراوجۆرەکانی یانەکە دەبێت.» لە بارەی تیپی باڵەی یانەکەش کە بڕیارە بەشداری لە خولی عێراق بکات، میران گوتی: «بە تەئیکد بەشداری لە خولی باڵەی عێراقی دەکەین و هیچ گرفتێکمان نییە وەرزی رابردووش بەشداریمان کرد، بەڵام یاریزانان هیچ گرێبەستێکیان نەبوو، تەنیا مووچە بوو، بۆ تۆپی پێی لە خولی پلە یەکی کوردستانیش بەشداردەبین و وەکو یانەی پێشمەرگە تیپێکی نوێ دەستنیشان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، مووچە و گرێبەستیش بۆ یاریزانانی تیپی تۆپی پێی دابین دەکەین، بەشداریکردنی هەر چالاکییەکیش بەپێی توانای دارایی یانەکەمان دەبێت، بۆیە هیچ تیپێك پشتگوێ ناخرێت و چالاکییەکانمان بەردەوام دەبێت.»